Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.6.4

# بیرکردنەوەی داهێنەرانە و پەیوەندی بە ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Hemn Mohammed Zorab
Hemn.zorab@uoh.edu.iq

**هێمن محمد زۆراب /** بەشی باخچەی منداڵان ، کۆلیژی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە

**هەرێم محمد عبدالکریم /** بەشی جوگرافیا ،کۆلیژی پەروەردەی زانستەمرۆڤایەتییەکانی سەیدصادق، زانکۆی سلێمانی

**گێلاس عبدالله اسماعیل /** بەشی باخچەی منداڵان ، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی ، بەشی باخچەی منداڵان ، زانکۆی سلێمانی

RECEIVED :14 /01/2025
ACCEPTED :03/03/ 2025
PUBLISHED :15/12/ 2025

**وشە سەرەکییەکان:**
بیرکردنەوەی داهێنەرانە ، ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن ، خوێندکاری بەشی باخچەی منداڵان.

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوە بریتییە لە زانینی ئاستی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان و هەروەها زانینی ئاستی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بە پێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن ، هەروەها زانینی ئاستی ڕازی بوون لە پسپۆڕی خوێندن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان و هەروەها زانینی ئاستی ڕازی بوون لە پسپۆڕی خوێندن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بە پێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن، زانینی پەیوەندی نێوان بیرکردنەوەی داهێنەرانە و ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە ( 108)خوێندکار لە بەشی باخچەی منداڵان لە کۆلێجی پەروەردەی شارەزوور لە زانکۆی هەڵەبجە. نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە ( 80 ) خوێندکار بۆ ساڵی خوێندنی(2024-2025) کە بە شێوەی هەڕەمەکی هەڵبژێردران، ئامرازی توێژینەوەکە بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتییە لە پێوەری (بیرکردنەوەی داهێنەرانە) کە پێکهاتبوو لە (26) بڕگە و ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن (26) بڕگە کە هەردوو پێوەرەکە وەرگیرابوون, گرنگترین ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان ) پێرسۆن, سپێرمان-براون, ئەلفاکرونباخ, تاقیکردنەوەی (ت) یەک نموونە و هاوکۆلکەی ئاماری جیاوازی یەکی (One-way ANOVA) و هاوکێشەی(LSD ، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتییە لە ( ئاستی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی بەرزدایە، هەروەها ئاستی ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن لە ئاستێکی بەرزدایە، جیاوازی بەڵگەداری نییە لە ئاستی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بە پێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن، جیاوازی بەڵگەداری لە ئاستی ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن بە پێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن هەیە، پەیوەندی نێوان بیرکردنەوەی داهێنەرانە و ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی پەسەندە.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1-

### 1-1- کێشە(گرفتی) توێژینەوە:

ڕازیبوون لە پسپۆری بەشیکی گرنگی ژیانی ئەکادیمی خویندکارانی زانکۆییە، چونکە پەیوەندی بە جۆری ژیان و بەختەوەری مرۆڤەکانەوە هەیە، هەروەها جۆری ژیانیش پەیوەندی هەست و سۆزی تاک بەڕازیبوون لە ژیان و تێرکردنی پێداویستییەکانی و هەستکردن بە ئاسایشی و دڵنیایی و هێنانەدی خود وا لە تاک دەکات هەست بەخۆشی و کامەرانی بکات، کەواتە ڕازی بوون لە پسۆڕی یەکیکە بنەماکانی سەرکەتنی ژیانی خوێندکار. ئەو خوێندکارانەی ڕازین لە پسپۆری هەست بە سەرکەوتوویی دەکەن، لە بیرکردنەوەی ئەرێنی و داهێنان بەردەوام دەبن. بەپێچەوانەشەوە ئەوانەی لە پسپۆڕی ڕازی نین وەک جۆرێک لە گوزارشتکردن لە ناڕازییبونیان لە ژیان پێوە دیارە(قەرەجەتانی، 2023).

مرۆڤ بەدرێژای تەمەنی هەوڵ دەدات سەرکەوتووبێت و بەختەوەری بەدەست بهێنێت و داهێنان بکات، بۆ ئەم مەبەستەش بیرکردنەوەکانی دەخاتە گەڕ. شێوازی بیرکردنەوەی تاک بەرانبەر بە باردۆخی ژیانی بۆ داهێنان بە خاڵێکی گرنگ هەژمار دەکرێت. بۆ نموونە دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی (سێلگمان) ئەوەیان خستەڕوو، بیرکردنەوەی داهێنەرانە پەیوەندی ئەرێنی لەگەڵ دروستی دەروونی و جەستەیی و بەرەنگاربوونەوەی فشارە دەروونییەکان هەیە(عزیز، 2020، 48).

هەموو ئەو داهێنانەی ئێستا مرۆڤ بەکاریان دەهێنیت، ئۆتۆمبێل بێت یان فرۆکە یان جلوبەرگ یان ئامێرە پزیشکی و ئەلکترۆنییەکان.......هتد ڕۆژانێک بیرۆکەیەک بوون لە هزری مرۆڤێکدا، لەبەرئەوەی ڕوون و ئاشکراییە هەر مرۆڤێک ویستی داهێنانی هەبوو، پێویستی بە بیرکردنەوەی داهێنەرانە هەیە(فەقێ، 2013، 153).

لەژێر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونانەی سەرەوە ڕوون دەبێتەوە بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای خوێندکار کاریگەری زۆری لەسەر گەشەسەندنی داهاتووی کۆمەڵگا و بواری پەروەردە و فێرکردن هەیە، چونکە بیرکردنەوەی داهێنەرانە یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگا، لەبەر ئەوە کاتێک چاودێری و پێوانەی ئاستی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای خوێندکارانی زانکۆ نەکرێت، بێگومان کۆمەڵگا بێبەش دەبێت لە دەستکەوت و پێشکەوتن.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونانە توێژەران مەبەستیانە بزانن، ئایا بیرکردنەوەی داهێنەرانە پەیوەندی بە ڕازیبوون لە پسپۆری خوێندن هەیە ؟

### 1-2- گرنگی توێژینەوە:

بیرکردنەوەی داهێنەرانە بە پێویستییەکی ژیانی دادەنرێت و ڕۆڵیکی کاریگەر و ئەرێنی لە سەردەمی مۆدێرن و سەردەمی جیهانگیری و تەکنۆلۆژیا هەیە، بەتایبەت بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی کە بەدوای پێشکەوتن و گەشەکردندا دەگەڕێن، دەیانەوێت بەردەوام لە گەشەکردن و گۆڕانکاریدا بن، بەو پێیە بیرکردنەوەی داهێنەرانە تایبەتمەندییەکی گشتی مرۆڤەکانە و گەشەسەندنی خێرا لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا هەمەجۆرە، ئەمرۆ خویندکارانی زانکۆی ناچار کردووە، دەست بە گرنگیدان بەم تایبەتمەندییە بکەن (عباسي ،2022 ، 2).

ڕازیبوون لە پسپۆڕی زانستی گرنگە بۆ خویندکاری زانکۆ، چونکە کاریگەری لەسەر ئەدای زانست و بەشداریکردن و دروستی دەروونی خوێندکاران هەیە. کاتێک خوێندکاران لە پسپۆڕی هەڵبژێردراوی خۆیان ڕازی دەبن، ئەگەری ئەوە زیاترە، کە پاڵنەر و جۆش و خرۆش و پابەندبوون بە وانەکانیان زیاتر بێت، ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی باشتربوونی ئەنجامی زانستی و ئاراستەی دەکات بەرەو بیرکردنەوەی داهێنەرانە و ئەگەری زیاتریان هەیە، کە چالاکانە بەشداری لە ژینگەی فێربووندا بکەن.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم دوو لایەنەی خوارەوە ڕوون دەکرێتەوە:

#### 1-2-1- گرنگی تیۆری:

1-ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات نیشانی بدات تا چەند بیرکردنەوەی داهێنەرانە پەیوەندی بە ڕازیبوون لە پسپۆری خوێندن لای خوێندکارانی زانکۆ هەیە.

2- ئەم توێژینەوە گرنگە، چونکە بەپێی سنوری زانینی توێژەران هیچ توێژینەوەیەکی لەم جۆرە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان نەکراوە.

3- داتاو زانیارییەکانی ئەم توێژینەوەیە گرنگە، چونکە دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی لە بواری پەروەردەیی و دەروونزانی خزمەتێک بە بوارە زانستی دەکات.

### 1-2-2- گرنگی پراکتیکی:

1-ئەم توێژینەوە گرنگە، بۆ خوێندکارانی پۆلی دوانزەی ئامادەیی بۆ هەڵبژاردنی پسپۆرییەکانیان.

2-ئەم توێژینەوە گرنگە، بۆ مامۆستایانی زانکۆ، چونکە مامۆستایان ئەوەیان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە بۆچی خوێندکارانی زانکۆ ئاستی بیرکردنەوەی داهێنەرانەیان لاوازە.

3- ئەنجامی توێژینەوەکە یارمەتیدەرە لە کردنەوەی دەروازەیەکی نوێی توێژینەوەی پەروەردەیی و دەروونی بەتایبەت لە بواری هەڵبژاردنی پسپۆڕی .

### 1-3-ئامانجی توێژینەوەکە:

-زانینی ئاستی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان .

- زانینی ئاستی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بە پێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن.

- زانینی ئاستی ڕازی بوون لە پسپۆڕی خوێندن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان .

- زانینی ئاستی ڕازی بوون لە پسپۆڕی خوێندن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بە پێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن .

- زانینی پەیوەندی نێوان بیرکردنەوەی داهێنەرانە و ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان.

### 1-4- سنوری توێژینەوەکە:

سنوری بابەت: بیرکردنەوەی داهێنەرانە، ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن.

سنوری کات: سمستەری پاییزەی ساڵی خوێندن(2024-2025).

سنوری مرۆیی: خوێندکاری زانکۆ

سنوری جوگرافیا: بەشی باخچەی منداڵان لە کۆلیژی پەروەردەی شارەزوور لە زانکۆی هەڵەبجە.

### 1-5- پێناسەی چەمک وزاراوەکان:

**یەکەم/ بیرکردنەوەی داهێنەرانە:**

-تۆرانس(1965) پرۆسەی هەستکردنە بە ئاگاداربوون لە خاڵە بەهێز و لاوازەکان، گەڕانە بە دوای چارەسەرکردنی ئەم خاڵە بەهیزو لاوازەکاندا، ئەویش لە ڕێگای کۆمەڵێک چالاکی و گریمان و دەستکاریکردن، تاوەک بە دەرئەنجامێکی سەرکەوتوو بگات(السرور، 2002، 100).

-تیرنر(1994) هەوڵێکە بۆ گەڕان بەدوای ڕێگەی نامۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی نوێ یان کۆن، ئەمەش پێویستی بە ڕواندنەوە و نەرمی بیرکردنەوە هەیە(یوسف، 2019، 10).

-جروان(2004) چالاکییەکی دەروونی ئاڵۆز و ئامانجدار کە بەهۆی خواستێکی بەهێزەوە ئاراستە دەکرێت، بۆ گەڕان بەدوای چارەسەرەکاندا، یان بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامە ڕەسەنەکان کە پێشتر نەزانرابوون(الحیلة، 2002، 54).

-اغا (2024) : دیاردەیەکی فرەلایەنە، کە بەرهەمی نوێ و ڕەسەن و بەنرخ لەلایەن تاک و گروپەوە لەخۆ دەگرێت(اغا، 2024، 164)

-پێناسەی تیۆری بۆ بیرکردنەوەی داهێنەرانە، بریتییە لە ڕزگاربوون لە شێوازی بیرکردنەوە تەقلیدییەکان و گەڕان بەدوای ئەگەرە نوێیەکان.

-پێناسەی ڕێکاری بۆ بیرکردنەوەی داهێنەرانە، ئەو نمرەیەیە کە ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە لەسەر پێوەری بیرکردنەوەی داهێنەرانە بەدەستیان هێناوە .

**دووەم/ پێناسەی ڕازیبوون پسپۆڕی خوێندن:**

-الأرزق(2000) ئەو بارە سۆزدارییە لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی خوێندکار بۆ خوێندنەکەی و ئەو دەستکەوتانەی بەدەستی هیناوە دێتە ئاراوە(الشقیقي، 2022، 9).

–محمد(2004)دۆخێکی دەروونی تایبەتی خوێندکارە، کە لە ڕێگەیەوە قبوڵکردنی چالاکییە ئەکادیمییەکان و ئامانجەکان و ئاسۆی داهاتوو بۆ پسپۆری ئەکادیمییەکەی دەردەبرێت(محمد، 2004، 82).

–الرشيدي ( 2018) ئەو حاڵەتێکی دەروونییەیە کە گوزارشت لە ئاستی قبوڵکردن و ئاسوودەبوونی خوێندکاری زانکۆ دەکات لە پسپۆری خویندن، لە ڕێگەی حەز و ئارەزووەکانی لە مەنهەج و کۆرسە زانستییەکان، ستافی وانەبێژان و تێڕوانینی کۆمەڵایەتیی بۆ پسپۆرییەکەی لە پیشەی داهاتووی(الرشيدي، 2018، 32).

–پێناسەی تیۆری بۆ ڕازیبوون پسپۆری خوێندن، حەز و ئارەزووی خوێندکارانە بۆ ئەو بوارەی کە لەگەڵ توانا و لێهاتووییەکانی بگونجێت، بە مەبەستی دەستهێنانی بڕوانامەی زانستی و دیاریکردنی داهاتووی ژیانی ئەکادیمی.

–پێناسەی ڕێکاری بۆ ڕازیبوون پسپۆری خوێندن ، ئەو نمرەیەیە کە ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە لەسەر پێوەری ڕازیبوون پسپۆری خوێندن بەدەستیان هێناوە.

## 2- بەشی دووەم

## 2-1- چوار چێوەی تیۆری

### 2-1-1- چەمکی بیرکردنەوەی داهێنەرانە (تفكير ابداعی) :

بیرکردنەوەی داهینەرانە ئاستیکە لە بیرکردنەوە کە زۆر گرنگە بۆ ژیان و سازان لەگەڵ ژینگە و دۆزینەوەی ڕێگە چارە بۆ ئەو کێشە و گرفتانەی کە ڕووبەڕوومان دەبنەوە، بیرکردنەوەی داهێنەرانە چالاکییەکی ئاڵۆز و هەمە لایەنەی مێشک و ئامانج لە ئەو چالاکییە عاقڵییە گەڕانە بە دوای ڕێگە چارەی کێشەکان، کۆمەڵ و دامودەزگاکان، کە تەنها لە ڕێگەی بیرکردنەوەی داهینەرانە پێش دەکەون(قەرەجەتانی، 2018، 54).

### 2-1-2-گرنگتیرین کارامییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە:

بیرکردنەوەی داهێنەرانە پێکدێت لە کۆمەڵێک کارامەیی، زۆرینەی توێژەران و زانایانی ئەم بوارە هاوڕان لەسەر ئەوەی ئەم جۆرە بیرکردنەوە سێ کارامەیی سەرەکی لەخۆ دەگرێت: (زمانڕەوایی ، نەرمی، ڕەسەنایەتی).

یەکەم/ زمانڕەوایی(الطلاقة) (fluency): بریتییە لە بەرهێنانی بڕێکی زۆر لە وشە و بیرۆکە و جێگرەوە لە ماوەیەکی دیاریکراو لەسەر هەڵوێست و ڕووداو یان بابەت و چەمکی دی دیاری کراو. زمان ڕەوایش دابەش دەبێت بۆ سێ بەش:

أ–زمان ڕەوایی زمانەوانی(الطلاقة الكلمات): توانای تاکە لە ڕێگەیەوە دەتوانێت زۆرترین وشە و یەکەی زمانی دەربڕێت بە جۆرێک گونجاو بێت لەگەڵ ئەو هەڵوێست و باروودۆخەی کە قسەی تیادا دەکات.

ب–زمانڕەوایی هزری(الطلاقة الفكرية): توانای تاکە لە گەیشتن یان دەرکردنی زۆرترین بیرۆکە لە ماوەیەکی کاتیدا، ئەمەش بەبێ ڕەچاوکردنی جۆری بیرۆکەکان و ئاستیان.

ج–زمانڕوانی شێواەکان(طلاقة الأشكال): واتە توانای تاکە لە کێشانی دروستکر زۆرترین وێنە و دایاگرام و چارتی فێرکاری و ورژێنەر یان ئەو داتا و زانیاری پێش تێگەیشتنی(عزيز،2021، 25-26).

دووەم/نەرمی(المرونة) (flexibility): بریتییە لە توانای درووستکردنی بیرۆکەی جۆراوجۆر و گۆڕین لە جۆرێکی دیاریکراوی بیرکردنەوە بۆ جۆرێکی دیکە لە وەڵامی دۆخێکی دیاریکراودا، واتە توانای گۆڕینی باری دەروونی لەگەڵ گۆڕانی دۆخەکەد، نەرمی نوێنەرایەتی لایەنی چۆنایەتیی داهێنان دەکات و دەبات دوو فۆرم:

1–نەرمی ئۆتۆماتیکی(مرونة التلقائية): بریتییە لە توانای بەرهەمهێنانی خێراترین ژمارەی بیرۆکەی جیاواز کە پەیوەندییان بە دۆخێکی دیاریکراوەوە هەیە لە کاتێکی دیاریکراودا.

2–نەرمی گونجاندن(مرونة التكيفية):توانای گۆڕینی ئەو ڕوانگەی دەروونییەیە، کە مرۆڤ لێیەوە سەیری چارەسەرکردنی کێشەیەکی دیاریکراو دەکات(الشايب و مهرية، 2017، 328)

سێیەم/ ڕەسەنایەتی(الأصالة) (Originality) : ئەو توانستە عەقڵییەیە، کە یارمەتیی تاک دەدات بۆ ئەوەی توانای بەرهەمهێنانی چەندەها بیرۆکە و ڕاوبۆچوونی دەگمەن و نایابی هەبێت و لە ڕێگەیانەوە چارەسەری گرفتەکانی ژیانی پێ بکات، واتە بە شێوازی نوێ چارەسەری گرفتەکانی ژیان دەکات، کە پێش ئەو کەسی تر بەو شێوە بیری نەکردۆتەوە گرفتەکانی چارەسەر نەکرد دووە(قەرەچەتانی، 2018، 130).

### 2-1-3- قۆناغەكانی بیركردنەوەی داهێنەرانە(مراحل التفكير الإبداعي):

قۆناغەكانی بیركردنەوەی داهێنەرانە دەتوانن جیاواز بن بەپێی سەرچاوە، بەڵام چوارچێوەیەكی باوی پەسەندكراو ئەمانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

1-قۆناغی ئامادەكاری(مرحلة الإعداد): ئەو قۆناغەییە كە خوێندكار تیدا كێشەكە دەناسێتەوە و دەستنیشانی دەكات، و بیرۆكە و زانیاریی پەیوەست بەو كێشە كۆدەكاتەوە، ئەوەی خوێندكار لەم قۆناغەدا جیادەكاتەوە، توانای دووركەوتنەوەیە لە بیرۆكەی جێگیر یان پەیوەندی بە بیرۆكەی ئەوانی دیكەوە لە جووڵەیەكی داهێنەرانەی ئازاد و ڕەسەندا .

2-قۆناغی متبوون یان لەئامێزگرتن (مرحلة الاحتضان): قۆناغی چالاكی دەروونییە، كە خوێندكاری داهێنەر چالاكییەكی فكری كەم پیشان دەدات، بەڵام لەم قۆناغەدا عەقڵ دەست دەكات بە هەڵمژینی هەموو ئەو زانیارییانەی پەیوەستن بە كێشەكەوە، و دەست دەكات بە ڕێكخستنی زانیاری و بیرۆكە و ئەزموونەكان بە تەركیزكردن لەسەر بابەتی سەرەكی و دووركەوتنەوە لە بیرۆكەی نەشیاو.

3- قۆناغی ئیلهام و چاودێری(مرحلة الإلهام والإشراف): لەم قۆناغەدا كاتێک ئیلهام دێت و بیرۆكەی تەواو لە مێشكی خوێندكاری داهێنەردا دەردەكەوێت.

4-قۆناغی لێوردبونەوە یان لێكۆڵینەوە (مرحلة التحقيق): ئەمە ئەو قۆناغەیە كە خوێندكاری داهێنەر دوای داڕشتن و هەماهەنگی ئەو بیرۆكەیەی كە دروستی كردووە تاقی دەكاتەوە(عباسي ،2022، 22).

### 2-1-4- تیۆرەكانی بیركردنەوەی داهێنان:

1- تیۆری دەروونی شیكاری (نظرية التحليل النفسي ):

فرۆید پێی وایە، كەسی داهێنەر دەتوانێت لە ڕێگای میكانزمی دەروونی (بەرزكردنەوە، سەرخستن)، ئەو هێزو گورەی حەز و ئارەزووە سێكسیەكان بۆكاری هونەری و ئەدەبی بگۆڕیت، چونكە ئەو تاكە ناتوانێت ئەو حەز و ئارەزووە سێكسییە كپتكراوانەی لە واقع دا تێربكات، لەبەر ئەوەی بەناچاری ئاراستەو ڕێڕەوی ئەوە وزییە بۆ هەندێک چالاكی تر و بە كۆمەڵ و دام ودەزگاكان سەركوتی ناكەن دەگۆڕێت، واتە ئەوەی تاک بەرهەمی دەهێنن، جۆرێكە لە تێركردنی خەیاڵی حەز و ئارەزەكانی بواری نەستی، بەڵام كەسانی ئاسایی ئەو حەز و ئارەزووە كپكراوانەی بواری نەستیان لە خەوندا تێر دەكەن(قەرەچەتانی، 2018، 77).

2-تیۆری ڕەفتاری(النظرية السلوكية):

بیرمەندانی قوتابخانەی ڕەوشتی پێان وایە ڕەفتاری مرۆڤ، لە جەوهەردا پێكدێت لە دروستكردنی پەیوەندی لە نێوان وروژێنەرە و وەڵامدانەوەكان، لە ڕێگای بنەماكانی میتۆد و قوتابخانەكانیانەوە پرۆسەی داهێنان شیكار دەكەن، ئەوانیش خۆیان لە (وروژێنەور و وەڵامدانەوە )دەبیننەوە، بە بڕوای بیرمەندانی ئەم تیۆرە هەموو مرۆڤێكی ئاسایی، واتە دواكەوتنی ئەقڵی نەبێت، توانای داهێنانی هەیە، بە شێوازێک ژینگەی گونجاو لەباری بۆ ڕەخسا بێت(روشكا ، 1989، 23-24).

3-تیۆری مەعریفی (زانین)( النظرية المعرفية):

لایەنگرانی ئەم تیۆرییە گرنگی بە شێوازەكانی هەستكردن بە شتەكان دەدەن، بەپێی ئەم تیۆرییە داهێنان نوێنەرایەتی شێوازەكانی بەدەستهێنان و یەكخستنی زانیاری دەكات بە مەبەستی گەڕان بەدوای گونجاوترین چارەسەرەكاندا(عبد الحميد، 1970، 96).

جان بیاجە پێی وایە كاتێک ئەزموون بە شێوەیەكی ئاسان و سادە پێشكەش دەكرێت، دەرفەتی جیاواز بۆ مرۆڤەكان دەڕەخسێنێت بۆ ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕی زانیارییە عەقڵییە جیاوازەكان، ئەمەش دەتوانێت توانایی بیركردنەوەو تێگەیشتن و ئەزموونەكان بە شێوەیەكی تاكەكەسی بەهێز بكات(صالح، 1994، 24).

4-تیۆری مرۆڤایەتی (النظرية الانسانية):

بیرمەندانی ئەم تیۆرە ڕابۆچوونی تایبەت بە خۆیانیان دەربارەی پرۆسەی داهێنان هەیە، ئەوانیش بریتین لە (فرۆم ماسلۆ ڕۆجەرز )، زانایانی ئەم تیۆرە زۆر جەخت لەسەر سەربەستی و كەرامەت و سروشتی خێرخوازانەی مرۆڤ دەكەن و بەوپێیە پیرۆزترین بوونەوەر لە قەڵەمی دەدەن و حەز و ئارەزووەكانی بۆ تێكڵاوبوونی كۆمەڵایەتی و پێكەوە ژیان و دۆستایەتی و سۆز و خۆشەویستی بە بنەمای ڕێبازەكەیان دادەنێن. بڕوای زانایانی ئەم ڕێبازە سەرچاوەی

پاڵنەری سەرەکی داهێنان، هێنانەدی خودە(تحقيق الذات)، واتە ئەم هێنانەدییە دەبێتە هۆی گواستنەوەی هێز بۆ کار و کرداری داهێنەرانە، ئەم پاڵنەرە پاڵ بە مرۆڤ بۆ دەنێت بۆ ئەوەی کارێکی داهێنرانە بە ئاکام بگەینێت، واتە کەسی داهێنەر ئەو کەسەیە خودی خۆی دەهێنێتە دی(قەرەچەتانی، 2018، 110).

### 2-1-5- چەمکی ڕازیبوون لە پسپۆری خوێندن:

چەمکی ڕەزامەندی بە پسپۆری یان ڕەزامەندی ئەکادیمی، وەک لە هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژەی پێ کراوە، ئاماژەیە بۆ ئەو ڕەزامەندییە چاوەڕوانکراوە لە ژیانی ئەکادیمی تاکێکدا لە ڕێگەی گەیشتن بە ئامانج و ئاواتەکانی (أمال وزينب ،2019 ، 128)

### 2-1-6- پێکهاتەکانی ڕەزامەندی لە پسپۆری خوێندن:

پێکهاتەکانی ڕەزامەندی لە پسپۆری خوێندن ئەمانەی خوارەوەن:

1-پەیوەندی نێوان خوێندکار دامەزراوەکە.

2- پەیوەندی باش لەگەڵ مامۆستاکان و ستافی پەروەردەیی و کارگێڕی.

3- هەستکردن بە گرنگی ڕۆڵی ئەو لە زانکۆکەدا.

4- ڕێزگرتن لە پیرۆزی دامەزراوەکە.

5- سەقامگیری ئەکادیمی.

6- گەیشتن بە دەستکەوت.

7- گونجانی ئەکادیمی( منى،2022 ، 22-23).

### 2-1-7- تیۆرەکانی ڕازیبوون لە پسپۆری زانستی :

کۆمەڵێک تیۆری هەن، کە باسیان لە ڕەزامەندی پسپۆری کردووە و مامەڵەیان لەگەڵ گرنگترین هۆکارەکان کردووە کە دەبێتە هۆی ڕازیبوون یان ناڕازیبوونی خوێندکار لە پسپۆری ئەکادیمی لە گرنگترینیان ئەمانەن:

یەکەم/ تیۆری سەرەکی خۆهەڵسەنگاندن(نظرية التقييم الجوهري للذات):

لایەنگرانی ئەم تیۆرە پێیان وایە، مرۆڤ کاتێک بە تەماحەکانی دەگات، یان دەستکەوت و کردارەکانی لە تەماحەکانیەوە نزیک بن لە ژیانی خۆی ڕازی دەبێت، بەڵام کاتێک بەتەماحەکانی ناگات، ئەوا خۆی لە ژیانی خۆی ڕازی نابێت، بەڵکو ناڕازی دەبێت و گلەیی لە خۆی و ژیان دەکات. هەروەها بیرمەندانی ئەم تیۆرە پێان وایە دەبێت مرۆڤ دەبێت بەپێی تواناکانی خۆی تمووحی هە بێت، چونکە ئەگەر زیادەڕۆی لە تموح بکرێت و لەتوانای کەسەکەدا نەبێت ئەوا مرۆڤ تووشی بێهیوای و ڕەشبنی دەبێت و لە ژیانی خۆی ڕازی نابێت(علی ، 2018، 260).

دووەم/ تیۆری هەڵوێستەکان(نظرية المواقف):

لایەنگرانی ئەم تیۆرە پێیان وایە مرۆڤ کاتێک لە ژیان ڕازین، ئەوا لەژینگەو باردۆخی گونجاودا دەژین و بەئاسانی دەتوانن پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان دابین بکەن و هەست بەئارامی و دڵنیایی و خۆشەویستی و سەرکەوتن بکەن، لەو شێوازە هەلومەرجەدا مرۆڤ ڕازی و دڵخۆشە و لە ڕووی دروستی دەروونییەوە(مرسي، 2000، 47).

سێیەم/ تیۆری دەستکەوتی خۆشی (نظرية الإنجاز السارة):

بە پێی ناوەڕۆکی ئەم تیۆرە هەر کەسێک لە ئەنجامی کار و چالاکییەکانی ڕۆژانەی هەستی بە خۆشی و کامەرانی کرد، ئەو کاتە ئەو کەسە لە ژیان و گوزەرانی خۆی ڕازییە، کەواتە مەرج نییە بە تەنیا ژینگە و بارودۆخ و بارودۆخی گونجاو باش ببنە هۆی ڕازیبوون لە ژیان، چونکە زۆر کەس هەن لە ژینگە و بارودۆخی باش و گونجاودا ، بەڵام بەختەوەر نین و لە ژیانی خۆشیاندا ڕازینین، لەبەرئەوەی بەختەوەری و کامەرانی هەست و سۆزەوە ناوەڕۆکی مرۆڤە نەک لە ژینگە و بارودۆخی دەرەوەی(قەرەچەتانی، 2023، 115).

## 2-2- توێژینەوەکانی پێشوو:

### 2-2-1- توێژینەوەی پێشوو تایبەت بە گۆڕاوی بیرکردنەوەی داهێنەرانە:

توێژینەوەی (خميس، 2014)

(بیرکردنەوەی داهێنەرانە پەیوەندی بە پاڵنەرەکانی فێربوون لای خوێندکارانی کچ کۆلێژەکانی زانکۆی بابل )

ئامانجی توێژینەوە :

ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بوو لە دیاریکردنی ئاستی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و پاڵنەری فێربوون لای خوێندکارانی کچ، و پەیوەندی نێوان ئەو دوو گۆڕاوە لە نێوان خوێندکارە کچەکانی هەندێک لە کۆلێژەکانی زانکۆی بابل.

میتۆدی توێژینەوەکە: وەسفی پەیوەندی.

کۆمەڵگای توێژینەوە: کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتیبوو لە چوار کۆلیژ ( دەرمانسازی، یاسا، زانستەمرۆڤایەتییەکان، خویندنی ئسلامی).

نموونەی توێژینەوە: بریتییە بوو لە (206)خوێندکاری کچی قۆناغی چواری (دەرمانسازی، یاسا، زانستەمرۆڤایەتییەکان، خویندنی ئسلامی).

ئامرازی توێژینەوەکە: بریتی بوو لە پێوەرەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە پاڵنەرەکانی فێربوون.

ئامرازەئامارییەکان:

(ناوەندی ژمێری، لادانێکی پێوەری، یاسای T بۆ یەک نموونە، یاسای T بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ).

ئەنجامی توێژینەوەکە:

1 -خوێندکاری کچ لە کۆلێژی (دەرمانسازی) ئاستێکی بەرزی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و پاڵنەری فێربوونیان هەیە.

2 -خوێندکارە کچەکانی کۆلێژەکە (یاسا و خوێندنی ئیسلامی) ئاستێکی مامناوەندی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و پاڵنەری فێربوونیان هەیە.

3 -جیاوازییەکی بەرچاو لە بیرکردنەوەی داهێنەرانە و پاڵنەری فێربوون لە نێوان هەردوو پسپۆڕی (زانستی و مرۆیی) هەیە، لە سوودی پسپۆڕی زانستی.

4- پەیوەندی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان بیرکردنەوەی داهێنەرانە و پاڵنەری فێربوون لای خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە.

توێژینەوەی (یوسف، 2019)

(بیرکردنەوەی داهێنەرانە و پەیوەندییەکەی بە ئەدای کارامەیی و دەستکەوتی ئەکادیمی)

ئامانجی توێژینەوە :

دەستنیشانکردنی پەیوەندی نێوان بیرکردنەوەی داهێنەرانە و ئەدای کارامەیی و دەستکەوتی ئەکادیمی.

میتۆدی توێژینەوەکە: وەسفی پەیوەندی.

کۆمەڵگای توێژینەوە: خوێندکارانی قۆناغی سێ کۆلیژی وەرزش/ تۆپی پێ بۆ ساڵی 2018-2019 زانکۆی وەرقلە.

نموونەی توێژینەوە: بریتییە لە (52) خویندکاری قۆناغی سێیەمی بەشی وەرزش/ تۆپی پێ.

ئامرازی توێژینەوەکە: بریتی بوو لە پێوەرەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە، ئەدای کارامەیی، دەستکەوتی ئەکادیمی.

ئامرازەئامارییەکان: (ناوەندی ژمێرەی، لادانی پێوەری، الفا کرونباخ، بیرسون).

ئەنجامی توێژینەوەکە:

-هیچ پەیوەندییەک لە نێوان بیرکردنەوەی داهێنەرانە و ئەدای هەردوو کارامەیی نییە.

-هیچ پەیوەندییەک لە نێوان بیرکردنەوەی داهێنەرانە و دەستکەوتی ئەکادیمیدا نییە.

- هیچ پەیوەندییەک لە نێوان دەستکەوتی ئەکادیمی و ئەدای کارامەییدا نییە.

### 2-2-2- توێژینەوەی پێشوو تایبەت بە گۆڕاوی ڕازیبوون بە پسپۆڕی

توێژینەوەی (منی، 2022)

ناونیشانی توێژینەوە: (ڕازیبوون بە پسپۆڕی و پەیوەندیی بە مەیلی پیشەیی خوێندکارانی زانکۆی ئەلمەسیلە )

ئامانجی توێژینەوە :

-دیاریکردنی سروشتی پەیوەندی نێوان ڕازیبوون لە پسپۆڕی و مەیلی پیشەیی لە نێوان خوێندکارانی دەروونزانی.

-زانینی ئاستی ڕازیبوون لە پسپۆڕی لەنێوان خوێندکارانی دەروونزانی.

-دیاریکردنی سروشتی پەیوەندی نێوان ڕازیبوون بە پسپۆڕی و مەیلی ئەدەبی لە نێوان خوێندکارانی دەروونزانی.

-دیاریکردنی سروشتی پەیوەندی نێوان ڕازیبوون بە پسپۆڕی و مەیلی زانستی لە نێوان خوێندکارانی دەروونزانی.

میتۆدی توێژینەوەکە: میتۆدی وەسفی پەیوەندی.

کۆمەڵگای توێژینەوە: پێکهاتووە لە (1352)خوێندکاری لەڕەگەزی نێر ومێ لە زانکۆی ئەلمەسیلە بۆساڵی (2021-2022) .

نموونەی توێژینەوە: بریتییەلە(140)خوێندکاری بەشی دەروونزانی .

ئامرازی توێژینەوەکە: بریتی بوو لە پێوەرەکانی ڕازیبوون لە پسپۆڕی و پێوەری مەیلی پیشەیی.

ئامرازەئامارییەکان:

الفا کرونباخ، (T – Test)، ناوەندی ژمێریاری ، لادانێکی پێوەری، ناوەندی گریمانە، پەیوەندی پیرسۆن، تاقیکردنەوەی سمیرنۆڤ.

ئەنجامی توێژینەوە :

-پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان ڕازیبوون لە پسپۆڕی و مەیلی پیشەیی خوێندکاران لە بەشی دەروونزانی لە زانکۆی ئەلمەسیلە هەیە.

-ئاستی ڕازیبوون لە پسپۆڕی لە خوێندکارانی بەشی دەروونزانی لە زانکۆی ئەلمەسیلە بەرزە.

-پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان ڕازیبوون لە پسپۆڕی و مەیلی پیشەیی لای خوێندکارانی بەشی دەروونزانی لە زانکۆی ئەلمەسیلە هەیە.

- -پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان ڕازیبوون بە پسپۆڕی و مەیلی ئەدەبی خوێندکاران لە بەشی دەروونناسی لە زانکۆی ئەلمەسیلە هەیە.

توێژینەوەی (الرشيدي، 2018)

ناونیشانی توێژینەوە: (ڕازیبوون بە پسپۆڕی خوێندن لە لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی تایبەت لە زانکۆ مەلیک فەیسەڵ لەژێر ڕۆشنایی هەندێک گۆڕاودا).

ئامانجی توێژینەوە:

-ئاشکراکردنی ئاستی ڕەزامەندی بە پسپۆڕی لە نێوان خوێندکارانی بەشی پەروەردەی تایبەت لە زانکۆی مەلیک فەیسەڵ.

-ئاشکراکردنی جیاوازی نێوان خوێندکاران بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێر و مێ) لە ڕازیبوونی پسپۆڕی خوێندنی پەروەردەی تایبەت.

میتۆدی توێژینەوەکە: میتۆدی وەسفی .

کۆمەڵگای توێژینەوە: پێکهاتووە لە خوێندکارانی زانکۆی مەلیک فەیسەڵ بۆ ساڵی (2017-2018).

نموونەی توێژینەوە: پێکهاتووە لە 153 خوێندکار لە هەردوو ڕگەز( نێر ومێ) لە بەشی پەروەردەی تایبەت کۆلێژی پەروەردە زانکۆی مەلیک فەیسەڵ.

ئامرازی توێژینەوەکە: بریتی بوو لە پێوەری ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن.

ئامرازەئامارییەکان: التساق الداخلييه(کۆدەنگی ناوخۆیی) ، اختبار (ت)T- Test ، ئەلفا کرۆنبار، تحليل التباين.

ئەنجامی توێژینەوە :

- ئاستی ڕەزامەندی پسپۆڕی لە نێوان خوێندکارانی بەشی پەروەردەی تایبەت لە زانکۆی مەلیک فەیسەڵ بەرزە.

- جیاوازی نێوان خوێندکاران بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێر و مێ) لە ڕازیبوونی پسپۆڕی خوێندنی پەروەردەی تایبەت لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێ هەیە.

## 3-: ڕێکارییەکانی توێژینەوە

**3-1- میتۆدی توێژینەوە** : لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی پەیوەندی بەکارهێنراوە.

**3-2- کۆمەڵگەی توێژینەوە** : پێکهاتووە لە سەرجەم خوێندکارانی زانکۆی هەڵەبجە / کۆلێجی پەروەردەی شارەزوور/ بەشی باخچەی منداڵان کە ژمارەیان (108) خوێندکارە کە بەم شێوە دابەشبوون لە خشتەی (1) خراوەتەڕوو:

خشتەی ژمارە(1)

زانیاری کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

| قۆناغ | ژمارە |
|---|---|
| دوو | 16 |
| سێ | 34 |
| چوار | 58 |
| کۆی گشتی | 108 |

**3-3- نموونەی توێژینەوە** : نموونەی توێژینەوەکە بریتیە لە (80) خوێندکار لە زانکۆی هەڵەبجە / کۆلێجی پەروەردەی شارەزوور/ بەشی باخچەی منداڵان کە لە خشتەی (2) خراونەتە روو :

خشتەی ژمارە(2)

زانیاری نموونەی توێژینەوەکە

| قۆناغ | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| دوو | 12 | %15 |
| سێ | 23 | %28.7 |
| چوار | 45 | %56.3 |
| کۆی گشتی | 80 | %100 |

**3-4- ئامرازی توێژینەوە** :

**3-4-1- پێوەری (بیرکردنەوەی داهێنەرانە)**

وەرگیراوە (تبنی) لە پێوەری (غبريال و اخرون ، 2020) کە پێک هاتبوو لە 30 برگە و بژاردەی برگەکانیش بە پێی لیگیرت دانران بەم شێوەیە (هەمیشە5-زۆرجار4-هەندێک جار3-دەگمەن2-هەرگیز1) بۆ برگەی پۆزەتیڤ و بۆ برگەی نێگەتیڤ بە پێچەوانەوە، پاشان فۆرمی پێوەرەکە بە چەند هەنگاوێک ئامادەکرا :

**3-4-1-1- ڕاستگۆیی وەرگێران :**

توێژەران لەبەر ئەوەی پەنایان بردووە بۆ فۆرمێکی پێوەری ئامادەکراو کە هەموو خەسڵەتە زانستییەکانی تێدایە، بە مەبەستی ئەنجامدانی ڕاستگۆیی وەرگێڕان ئەم هەنگاوانە گیرانەبەر :

یەکەم : سەرەتا پسپۆڕێکی زمانی عەرەبی فۆرمە ڕەسەنەکەی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی .

دووەم: پسپۆڕێکی دیکەی زمانی عەرەبی وێنەی کوردی فۆرمەکەی وەرگێڕایەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی .

سێیەم : لەم قۆناغەدا هەردوو وێنەی فۆرمەکە بە زمانی عەرەبی ( ڕەسەنەکە و ئەوە دووەم کە کرایە کوردی و پاشان کرایەوە بە عەرەبی) بە مەبەستی بەراوردکردنیان خرانە بەردەست پسپۆڕێکی دیکەی زمانی عەرەبی، پاش بەراوردکردنیان دەرکەوت کە لە رووی ماناوە.

**3-4-1-2- ڕاستگۆیی ڕواڵەتی :**

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی توێژەران فۆرمی پێوەرەکەیان دابەشکرد بەسەر (9) پسپۆڕ لە بواری دەرونزانی و پەروەردە ، دەرکەوت ڕێژەی سەدی گونجاوی بۆ برگەکان بریتییە لە (89%) کە تێیدا (4) برگە لابران و تێبینی پسپۆڕەکان بە هەند وەرگیرا و لە کۆتاییدا (26) برگە مانەوە.

**3-4-1-3- جێگیری :**

بە مەبەستی دەرهێنانی جێگیری توێژەران (40) فۆرمیان بەکارهێنا ، بۆ ئەو مەبەستەش توێژەران ڕێگەی (دابەشکردنی نیوەیی – التجزئة النصفية ) بەکار هێنا کە یەکێکە لە ڕێگاکانی دەستنیشانکردنی گونجاوی پێوانە کە تێیدا برگەکان دابەشدەکرێن بۆ تاک و جووت و پاشان لە ڕێگەی پرۆگرامی SPSS هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن لە نێوانیاندا

دەرهێنرا و ئەنجامەکەی بریتییە لە (0.67) ، دواتر بەهای پەیوەندی دوای ڕاستکردنەوە بە هاوکێشەی (سپێرمان-براون) دەرهێنرا کە بریتییە لە (0.80) ، ئەمەش مانای جێگیری پێوەرەکە دەگەیەنێت بە ئاستێکی زۆر باش .

**3-4-1-4- ڕێکەوتنی ناوەکی (اتساق داخلی):**

بۆ دۆزینەوەی ڕێکەوتنی ناوەکی توێژەران (40) فۆرمیان بەکارهێنا بۆ ئەو مەبەستە ، دەرکەوت هاوکۆلکەی ئەلفا کرونباخ بریتییە لە (0.78) ئەمەش مانای بوونی ڕێکەوتنی ناوەکی پێوەرەکە دەگەیەنێت.

**3-4-2-  پێوەری (ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن)**

وەرگیراوە (تبنی) لە پێوەری (المبروک و احمد ، 2021 )  کە پێک هاتبوو لە 28 برگە و بژاردەی برگەکانیش بە پێی لیگرت دانران بەم شێوەیە (هەمیشە5-زۆرجار4-هەندێک جار3-دەگمەن2-هەرگیز1) بۆ برگەی پۆزەتیف و بۆ برگەی نێگەتیف بە پێچەوانەوە، پاشان فۆرمی پێوەرەکە بە چەند هەنگاوێک ئامادەکرا :

**3-4-1-1- ڕاستگۆیی وەرگێران :**

توێژەران لەبەر ئەوەی پەنایان بردووە بۆ فۆرمێکی پێوەری ئامادەکراو کە هەموو خەسڵەتە زانستییەکانی تێدایە،  بە مەبەستی ئەنجامدانی ڕاستگۆیی وەرگێران ئەم هەنگاوانە گیرانەبەر :

یەکەم : سەرەتا پسپۆڕێکی زمانی عەرەبی فۆرمە ڕەسەنەکەی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی .

دووەم: پسپۆڕێکی دیکەی زمانی عەرەبی وێنەی کوردی فۆرمەکەی وەرگێڕایەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی .

سێیەم : لەم قۆناغەدا هەردوو وێنەی فۆرمەکە بە زمانی عەرەبی ( ڕەسەنەکە و ئەوە دووەم کە کرایە کوردی و پاشان کرایەوە بە عەرەبی) بە مەبەستی بەراوردکردنیان خرانە بەردەست پسپۆڕێکی دیکەی زمانی عەرەبی ، پاش بەراوردکردنیان دەرکەوت کە لە ڕووی ماناوە وەک یەکن و هیچ جیاوازیان نییە، بەم شێوەیە توێژەران دڵنیابوونەوە لە ڕاستی وەرگێرانی برگەکانی فۆرمی پێوەرەکە

**3-4-1-2- ڕاستگۆیی ڕواڵەتی :**

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی توێژەران فۆرمی پێوەرەکەیان دابەشکرد بەسەر (9) پسپۆڕ لە بواری دەروونزانی و پەروەردە ، دەرکەوت ڕێژەی سەدی گونجاوی بۆ برگەکان بریتییە لە (90%) کە تێیدا (2) برگە لابران و تێبینی پسپۆڕەکان بە هەند وەرگیرا و لە کۆتاییدا (26) برگە مانەوە.

**3-4-1-3- جێگیری :**

 بە مەبەستی دەرهێنانی جێگیری توێژەران (40) فۆرمیان بەکارهێنا ، بۆ ئەو مەبەستەش توێژەران ڕێگەی (دابەشکردنی نیوەیی – التجزئة النصفية ) بەکار هێنا کە یەکێکە لە ڕێگاکانی دەستنیشانکردنی گونجاوی پێوانە کە تێیدا برگەکان دابەشدەکرێن بۆ تاک و جووت و پاشان لە ڕێگەی پرۆگرامی SPSS هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن لە نێوانیاندا دەرهێنرا و ئەنجامەکەی بریتییە لە (0.79) ، دواتر بەهای پەیوەندی دوای ڕاستکردنەوە بە هاوکێشەی (سپێرمان-براون) دەرهێنرا کە بریتییە لە (0.88) ، ئەمەش مانای جێگیری پێوەرەکە دەگەیەنێت بە ئاستێکی زۆر باش

**3-4-1-4- ڕێکەوتنی ناوەکی (اتساق داخلی):**

بۆ دۆزینەوەی ڕێکەوتنی ناوەکی توێژەران (40) فۆرمیان بەکارهێنا بۆ ئەو مەبەستە، دەرکەوت هاوکۆلکەی ئەلفا کرونباخ بریتییە لە (0.88) ئەمەش مانای بوونی ڕێکەوتنی ناوەکی پێوەرەکە دەگەیەنێت.

**3-5- ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان :**

1-هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان برگەی تاک و جووت بۆ دۆزینەوەی جێگیری پێوەر و پەیوەندی نێوان بیرکردنەوەی داهێنەرانە و ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن .

2-هاوکۆلکەی پەیوەندی سپێرمان – براون بۆ ڕاستکردنەوەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن بە مەبەستی جێگیری پێوەر

3-ناوەندی گریمانەیی بۆ دۆزینەوەی ناوەندی گریمانەیی پێوەر

4-هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ بۆ دۆزینەوەی جێگیری ناوەکی پێوەر.

5-تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەک نموونە  بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان ناوەندی ژمێرەیی و ناوەندی گریمانەیی بۆ زانینی ئاستی گۆڕاوەکان.

6-هاوكۆلكەی ئاماری جیاوازی یەكی (One-way ANOVA) بۆ زانینی جیاوازی بیركردنەوەی داهێنەرانە و ڕازیبوون لە پسپۆری خوێندن بە پێی گۆڕاوی (قۆناغ) .

7- هاوكێشەی LSD بۆ زانینی جیاوازی ئاستی ڕازیبوون لە پسپۆری خوێندن لای خوێندكارانی بەشی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن

## 4-1-ئەنجامەكانی توێژینەوە :

4-1-1- دەستنیشانكردنی ئاستی بیركردنەوەی داهێنەرانە لای خوێندكارانی بەشی باخچەی منداڵان

بە مەبەستی زانینی ئاستی بیركردنەوەی داهێنەرانە لای نمەنەی توێژینەوەكە سوود لە تاقیكردنەوەی (ت)ی بۆ یەك نموونە One Sample T.Test بینرا ، دەركەوت بەهای (ت) هەژماركراو بریتییە لە (8.531) ئەمەش گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی كە بریتییە لە (1.990) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) و نمرەی ئازاد (79) ،هەروەها ناوەندی ژمێرەیی نمرەكانی نموونەی توێژینەوەكە بریتییە لە (86.18) نمرە ، بەڵام ناوەندی گریمانەیی پێوەرەكە بریتییە لە ( 78) ، ئەمەش ئاماژەیە بە بەرزی ئاستی بیركردنەوەی داهێنەرانە لای خوێندكارانی بەشی باخچەی منداڵان، وەك لە خشتەی (3) خراوەتەڕوو :

خشتەی (3)

ئەنجامی تاقیكردنەوەی (ت) یەك نموونە بۆ زانینی ئاستی بیركردنەوەی داهێنەرانە لای خوێندكارانی بەشی باخچەی منداڵان

| نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای (ت) هەژماركراو | بەهای (ت) خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 80 | 98.075 | 10.104 | 78 | 14.463 | 1.990 | 79 | بەڵگەدارە |

ئەم ئەنجامەش یەكدەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەی (خميس، 2014) ، كە لە هەردوو توێژینەوەدا دەركەوتووە ئاستی بیركردنەوەی داهێنەرانە لە ئاستێكی بەرزدایە ، هۆكاری ئەمەش ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە لە سیستەمی نوێی خوێندنی زانكۆدا كە سیستەمی بۆلۆنیا پەیرەو دەكرێت خوێندكار هان دەدرێ كە بیركردنەوەی داهێنەرانەی هەبێت و هەوڵ دەدرێت كە خوێندكار پشت بە خۆی ببەستێت و خوێندكار دەكرێتە چەقی فێربوون كە ئەمەش وا دەكات خوێندكار زیاتر سەربەخۆ بێت و هەوڵی بەرەو پێشچوون بدات ، هەروەها بەهۆی ئەوەی نموونەی توێژینەوەكە پێكهاتووە لە خوێندكارانی بەشی باخچەی منداڵان دەتوانین بڵێین خوێندكارانی ئەم بەشە زیاتر گەشبینن بە داهاتوو سەبارەت بە هەلی كار ، هەروەها نابێت ڕۆڵی مامۆستایانیش فەرامۆش بكەین، لەم ڕووەوە چونكە كەشێكی وایان دروست كردووە، تاكوو خوێندكاران بە باشترین شێوە بیر بكەنەوە و بیرۆكەی نوێ بخەنەڕوو .

4-1-2- دەستنیشانكردنی ئاستی بیركردنەوەی داهێنەرانە لای خوێندكارانی بەشی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن

بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوان هەرسێ قۆناغدا سوود لە هاوكۆلكەی ئاماری جیاوازی یەكی ( One-way ANOVA) بینرا ، دەركەوت بەهای (ف) هەژماركراو ( 1.074) بچووكترە لە بەهای (ف) خشتەیی (3.150) ، ئەمەش دەریدەخات ئاستی بیركردنەوەی داهێنەرانە لای خوێندكارانی بەشی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن جیاوازی نییە، وەك لە خشتەی (4) خراوەتەڕوو :

خشتەی (4)

ئەنجامی هاوکۆلکەی ئاماری جیاوازی یەکی (One-way ANOVA)بە مەبەستی زانینی ئاستی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن

| | کۆی دوجاکان | دوجای ناوەند | بەهای (ف) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| لە نێوان گروپ | 0.324 | 0.162 | 1.074 | 3.150 | 2 | بەڵگەدارنییە |
| لە ناو گروپ | 7.531 | 0.151 | | | 77 | |
| کۆی گشتی | 7.855 | | | | 79 | |

بەپێی ئەم ئەنجامە دەرکەوت کە ئاستی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بە پێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن جیاوازی بەڵگەداری نییە، هۆکاری ئەمەش بە بڕوای توێژەران دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئاستی هەرسێ قۆناغەکە بەرزە چونکە خوێندکارەکان لە قۆناغی دووەمەوە زیاتر حەزیان بۆ بەشەکە زیاد دەکات و ئەمەش وا دەکات، زیاتر بەپەرۆشبن بۆ بابەتەکانیا و هەوڵی داهێنان بدەن لە بوارەکەی خۆیاندا کە ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و کۆششی مامۆستایانی بەشەکە، چونکە لەگەڵ هەرسێ قۆناغدا توانیویانە هەوڵی خۆیان بدەن بۆ ئەوەی بیرکردنەوەکانیان بخەنەڕوو و پشتگیریان بکەن بۆ کاری نوێ و داهێنان.

4-1-3- زانینی ئاستی ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور

لە ئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (94.41) نمرە، بەڵام ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە بریتییە لە ( 78) ، بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (ت)ی بۆ یەک نموونە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان هەردوو ناوەندەکە ، دەرکەوت بەهای (ت) هەژمارکراو بریتییە لە (8.478) ئەمەش گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی کە بریتییە لە (1.990) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) و نمرەی ئازاد (79) ،ئەمەش ئاماژەیە بە بەرزی ئاستی ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان، وەک لە خشتەی (5) خراوەتەڕوو :

خشتەی (5)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەک نموونە بۆ زانینی ئاستی ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان

| نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای (ت) هەژمارکراو | بەهای (ت) خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 80 | 94.41 | 14.095 | 78 | 8.478 | 1.990 | 79 | بەڵگەدارە |

ئەم ئەنجامەش ئەک دەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەی (منى، 2022) و (الرشيدي، 2018) ، کە لە هەرسێ توێژینەوە دەرکەوتووە ئاستی ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن بەرزە ، هۆکاری ئەمەش ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە تا ڕادەیەک دەرچوانی بەشی باخچەی منداڵان داهاتوویان گەشبینترە لە ڕووی هەلی کارەوە بە بەراورد بە هەندێک بەشی دیکە .

4-1-4- دەستنیشانکردنی ئاستی ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن

بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوان هەرسێ قۆناغدا سوود لە هاوکۆلکەی ئاماری جیاوازی یەکی ( One-way ANOVA) بینرا ، دەرکەوت بەهای (ف) هەژمارکراو ( 4.094) گەورەترە لە بەهای (ف) خشتەیی (3.150) ، ئەمەش دەریدەخات ئاستی ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن جیاوازی هەیە، وەک لە خشتەی (6) خراوەتەڕوو :

خشتەی (6)

ئەنجامی هاوکۆلکەی ئاماری جیاوازی یەکی (One-way ANOVA)بە مەبەستی زانینی ئاستی ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن

| | کۆی دوجاکان | دوجـــــای ناوەند | بەهای (ف) هەژمارکراو | بەهای (ف) خشتەیی | نمـرەی ئازاد | ئاســــتی بەڵـگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان گروپ | 2.150 | 1.075 | 4.094 | 3.150 | 2 | بەلگەدارە |
| لە ناو گروپ | 13.132 | 0.263 | | | 77 | |
| کۆی گشتی | 15.282 | | | | 79 | |

بەپێی ئەم ئامانجە بە پێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن جیاوازی بەڵگەداری هەیە بۆ تەواوکردنی ئەنجامەکانی هاوکۆلکەی ئاماری جیاوازی یەکی توێژەران پشتیان بەست بە یاسای (LSD) بۆ زانینی ئاستی ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن ، وەک لە خشتەی (7) خراوەتەڕوو :

خشتەی (7)

ئەنجامی (LSD) بۆ زانینی جیاوازی ئاستی ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی .منداڵان بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن

| قۆنــــــاغی خوێندن(I) | قۆنــــــاغی خوێندن(J) | جیــــاوازی نێـــوان دوو ناوەند (J-I) | هەڵەی پێوانەیی | ئاســــتی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|
| دوو | سێ | -0.49527 | 0.19831 | 0.016 |
| | چوار | -0.49762 | 0.18542 | 0.010 |
| سێ | دوو | 0.49527 | 0.19831 | 0.016 |
| | چوار | -0.00235 | 0.16111 | 0.988 |
| چوار | دوو | 0.49762 | 0.18542 | 0.010 |
| | سێ | 0.00235 | 0.16111 | 0.988 |

هەروەک لە خشتەی سەرەوەدا دەرکەوتووە جیاوازی بەڵگەداری هەیە لە نێوان قۆناغی (دووەم) و قۆناغی (سێیەم و چوارەم) لە بەرژەوەندی قۆناغی (سێیەم و چوارەم) بە جۆرێک خوێندکارانی قۆناغی دووەم ئاستی ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن لایان نزمترە لە قۆناغی سێ و چوار بەڵام قۆناغی سێ و چوار جیاوازیان نییە و هەستی ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن لایان بەرزترە ، هەر ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە تاکو بەرەو پێش بچن و بچنە قۆناغی داهاتوو زیاتر حەزیان لە پسپۆڕیەکەیان دەبێت ڕازی دەبن لە پسپۆڕییەکەی خۆیان، ئەم ئەنجامە یەک ناگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەی (عبدالقادر ، 2022) کە دەرکەوتووە جیاوازی بەڵگەداری بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن نییە.

4-1-5- زانینی پەیوەندی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە کۆلیژی پەروەردەی شارەزوور

به مەبەستی زانینی پەیوەندی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە کۆلیژی پەروەردەی شارەزوور هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسۆن بەکارهێنرا لە نێوانیاندا کە دەرکەوت بریتییە لە (0.48) و ، بەهاکەی ئەرێنییە ، خشتەی (8)

خشتەی (8)

پەیوەندی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان

| نمونە | گۆڕاو | لادانی پێوەری | پیرسۆن | پەیوەندی |
|---|---|---|---|---|
| 80 | بیرکردنەوەی داهێنەرانە | 0.388 | 0.48 | ڕاستەوانەی پەسەندە |
| | ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن | 0.542 | | |

بە پێی ئەم ئەنجامە دەرکەوت بیرکردنەوەی داهێنەرانە و ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی پەسەند هەیە لە نێوانیان لە بریتییە لە (0.48) ئەمەش بەو واتایە دێت بە بەرزبوونەوەی ئاستی بیرکردنەوەی داهێنەرانە ئاستی ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندنیش بەرز دەبێتەوە بە ڕێژەیەکی کەم ، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کاتێک خوێندکار هەست بە ئاسوودەیی بکات لە بەشەکەیدا و ڕازی بێت لەو بەشەی کە لێی دەخوێنێت ئەمە وا دەکات و ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوەی ئاستی بیرکردنەوەی داهێنەرانەشی بەرز ببێتەوە لەبەر ئەو کەشەی کە بۆی ڕەخساوە ،

## 2-2- دەرئەنجام :

1-ئاستی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی بەرزدایە.
2- ئاستی ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن لای ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی بەرزدایە.
3- جیاوازی بەڵگەداری نییە لە ئاستی بیرکردنەوەی داهێنەرانە نێوان ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن.
4- جیاوازی بەڵگەداری هەیە لە ئاستی ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن نێوان ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن.
5-پەیوەندی نێوان بیرکردنەوەی داهێنەرانە و ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی پەسەندە.

## 2-3- ڕاسپاردە:

1-گرنگی زیاتر بدرێت بە سەنتەربوونی خوێندکار لە ڕێگەی کردنەوەی خول و وۆرکشۆپەوە بۆ مامۆستایان.
2-پێویستە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستییەوە ئەو بەشانەی کە هەلی کاریان نییە دابخرێن، لە بەرانبەردا ئەو بەشانەی کە هەلی کاریان هەیە و خواستی بازاڕیان لەسەرە بکرێنەوە.

## 2-4- پێشنیار:

1-ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لە کۆلیژ و زانکۆکانی دیکە بۆ ئەوەی ئاستی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە لە بەش و کۆلیژ و زانکۆکانی دیکەش بزانرێت.
2-ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر بیرکردەوەی ڕەخنەگرانە و پەیوەندی بە ڕازی بوون لە پسپۆڕی خوێندن.
3-ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی بۆ هەردوو بەشی زانستی و وێژەیی.

## سەرچاوکان:


- اغا، عمر مجيد، (2024)،مدى فاعلية أصالة التفكير بالتنبؤ في أساليب أدارة، المباراة لدى مدربي كرة القدم، مجلة الجامعة للعلوم الإنساني، قسم الألعاب الجماعية، كلية التربية البدنية وعلوم الرياضية، جامعة صلاح الدين-أربل، ص162-178.
- أمال ، شويخي و زينب، سعدي، (2019)، الرضا عن التخصص وعالقته باالرتياح النفسي، مجلة التكامل ، العدد: السادس، 123-14 يرى.
- الحيلة ، محمد محمود، (2002)، تكنولوجيا التعليم من اجل التفكير بين القول والممارسة، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة ، عمان.
- خميس، شيماء علي، (2014)، التفكير الإبداعي وعلاقته بدافعية التعلم لدى طالبات بعض كليات جامعة بابل، مجلة علوم التربية الرياضية ، المجلد7، العدد 2 ، ص 60-69.
- الرشيدي، سميحان بن ناصر، (2018)، الرضا عن التخصص الدراسي لدى طلبة قسم التربية الخاصة بجامعة الملك فيصل في ضوء المتخيرات، مجلة التربية الخاصة والتأهيل بجامعة الملك فيصل فيصل، المجلد(6)، العدد(22)، ص 26-62.
- روشكا، الكسندر، ( 1989)، الابداع العام والخاص، ترجمة (غسان عبد الحي) ، الكويت ، عالم المعرفة .
- سرور، نادية ، (2002)، مقديمة في الأبداع، ط1، دار وائل للنشر والتوزيع، عمان.
- الشايب، محمد الساسي و مهرية خليدة ،( 2017) ، التفكير الابتكاري في ضوء بعض استراتيجيات التعلم النشط، مجلة العلوم الإنسانية والاجتماعية، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، العدد31، الجزائر، ص 325-340.
- الشقيقى، موسى احمد، (2022)، الرضا عن التخصص الجامعى وعلاقته بالتلكؤ الاكاديمي لدى طلبة جامعة أم القري فرع بالقنفذة، مجلة الفنون والأدب وعلوم الانسان والاجتماع ، المملكة العربية السعودية، عدد(83)، ص123-143.
- صالح ، قاسم حسين، (1994)، نحو نظرية في الابداع ، مجلة العلوم النفسية ، العدد الثاني ، العراق.
- عباسي، روان محمد عطا، (2022)، درجة إسهام التخطيط التربوي في تنمية مهارات التفكير الإبداعي في رياض الأطفال في القدس من وجهة نظر العاملات، رصالة الماجستير جامعة النجاح الوطنية في نابلس، فلسطين.
- عبد الحميد، شاكر، (1970)، العملية الإبداعية في فن التصوير، سلسلة عالم المعرفة ، الكويت.
- عزيز، عزالدين احمد، (2020)، سايكۆلۆجیای ئەرێنی، چاپی یەکەم، چاپخانەی فێربوون، هەولێر.
- عزيز، كريم احمد، (2021)، فێرکردنی بیرکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.
- على ، جعفر احمد كرم جوهر محمد، (2018)، الرضاة عن الحياة لدى الابناء، المجلة العلمية الكلية رياض الاطفال، جامعة المنصور، العدد الثاني، ص 241-274.
- غبريال، طلعت منصور و اخرون (2020) ، الخصائص السيكومترية لمقياس التفكير الإبداعى لدى الشباب بدولة الكويت ، مجلة كلية التربية- جامعة عين شمنس ، عدد 44 ، جزء 3 .
- فەقێ، ئیبراهیم، (2013)، هێزی بیرکردنەوە، وەرگێرانی: هیلال سابر کەڵوەیسی، چاپی دووەم، چاپخانەی گەنج، سلیمانی.
- قەرەچەتانی، کەریم شەریف، (2018)، سایکۆلۆجیای داهێنان، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.
- قەرەچەتانی، کەریم شەریف، (2023)، سایکۆلۆجیای ئەرێنی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زبان صلح/ تاهران.
- المبروک، سعدة بخيت المبروک و أحمد، ابراهيم أحمد حمزة (2021) ، الرضا عن التخصص الدراسى لدى طلاب المقلبين على التخرج بكلية التربيبة أوبارى بجامعة سبها، مجلة جامعة سبها للعلوم الإنسانية ، عدد 20 ، جزء 1 .
- محمد، مجيد مهدي،(2004)، الرضا الدراسي الطلاب كلية في جامعة اب، مجلة اتحاد الجامعات العربية، عدد(44)، ص77-103.
- المرسي ، كمال إبراهيم، (2000). السعادة وتنمية الصحة النفسية، دار النشر للجامعات، مصر.
- منى، بن التومي، (2022)، الرضا عن التخصص وعالقته بالميول لمهنية لدى طلبة الجامعة، رسالة ماجستير منشورة، جامعة حممد بوضياف – املسيلة، كلية العلوم اإلنسانية والعلوم االجتماعية، قسم علم النفس.
- يوسف ، بن حميدة، (2019)، التفكير الإبداعي وعلاقته بالأداء المهاري والتحصيل الدراسي، رسالة ماجستير منشورة، قسم نشاطات التربية البدنية والرياضية، جامعة قاصدي مرباح ورقلة.

# التفكير ابداعى و علاقته الرضاء التخصص العلمى لدى الطلاب القسم الرياض اطفال

**هيمن محمد زوراب**
قسم الرياض الاطفال ، كلية التربية شهرزوور ، جامعة حلبجة، اقليم كردستان ، حلبجة، العراق
Hemn.zorab@uoh.edu.iq

**هريم محمد عبدالكريم**
قسم الجغرافيا، كلية التربية علوم الانسانية سيد صادق، جامعة السليمانية، اقليم كردستان ، سليمانية، العراق
harem.abdalkarim@univsul.edu.iq

**كيلاس عبداللله اسماعيل**
قسم الرياض الاطفال ، كلية التربية الاساسية ، جامعة السليمانية، اقليم كردستان ، سليمانية، العراق
gelas.ismael@univsul.edu.iq

**الملخص**

يهدف البحث الى التعرف على مستوى التفكير الابداعي لدى طالبات قسم رياض الاطفال ، و التعرف على التفكير الابداعي وفقا للمراحل الدراسية، كما هدف التعرف على الرضا عن التخصص ، و كذلك التعرف على الرضا عن التخصص وفقا المراحل الدراسية، كما هدف معرفة العلاقة بين التفكير الابداعي والرضا عن التخصص، و يتكون مجتمع البحث من (108) طالبة في قسم رياض الاطفال في كلية التربية شهرزور في جامعة حلبجة،وقد بلغت عينة البحث من (80)طالبة ، للعام الدراسي (2024-2025)،تم اختيارهن بطريقة عشوائية ، ولتحقيق أهداف البحث ، تم تبنى مقياس التفكير الابداعي(غبريال و اخرون ، 2020) المكون من (26) فقرة، ومقياس الرضا عن التخصص تبنى من (المبروك و احمد ، 2021) المكون من (26) فقرة ، بعد التحقق من صدقهم وثباتهم ، وبعد معالجة البيانات باستخدام الوسائل الاحصائية (معامل ارتباط بيرسون-سبيرمان براون—الفاكرونباخ-اختبار تائي لعينة واحدة-معادلة احصائية لفروق One way Anova و معادلة LSD ، وتشير النتائج إلى أن مستوى التفكير الابداعي لدى افراد عينة البحث مرتفعة ،ولديهم مستوى مرتفع من الرضا عن التخصص، ولا توجد فروق ذات دلالة في مستوى التفكير الابداعي بين افراد عينة البحث وفقا لمتغير المرحلة الدراسية، توجد فروق ذات دلالة احصائية في مستوى الرضا عن التخصص الدراسي بين افراد عينة البحث وفقا لمتغير المراحل الدراسية، كما اشارت النتائج الى وجود علاقة بين التفكير الابداعي والرضا عن التخصص، وصل الباحثون الى عدد من التوصيات والمقترحات.

**الكلمات المفتاحية :** التفكيرالابداعي– الرضا عن التخصص الدراسي, طالبات قسم رياض الاطفال.

## Creative Thinking and its Relationship to Satisfaction with Scientific Specialization among Students، Kindergarten Department

**Hemn Mohammed Zorab**
Department of Kindergarten, Education College of Sharazur, University of Halabja, Halabja, Kurdistan Region, Iraq
Hemn.zorab@uoh.edu.iq

**Harem Mohammed Abdalkarim**
Department of Geography, Said Sadiq College of Human Science Education, Sulaimani University, Sulaimani، Kurdistan Region، Iraq
harem.abdalkarim@univsul.edu.iq

**Gelas Abdulla Ismael**
،Department of Kindergarten، College of Basic Education ، Sulaimani University ،Sulaimani، Kurdistan Region، Iraq
gelas.ismael@univsul.edu.iq

**Abstract**

The aim of the research was to identify the level of creative thinking among female students in the Kindergarten Department، and to identify creative thinking according to the academic stages، as well as to identify satisfaction with the specialization، as well as to identify satisfaction with the specialization according to the academic stages، as well as to know the relationship between creative thinking and satisfaction with the specialization. The research community consists of (108) female students in the Kindergarten Department at the Faculty of Education، Shahrazur، University of Halabja. The research sample amounted to (80) female students، for the academic year (2024-2025)، who were selected randomly. To achieve the research objectives، the creative thinking scale consisting of (26) paragraphs was used، and the specialization satisfaction scale consisting of (26) paragraphs، after verifying their validity and reliability، and after processing the data using statistical methods (Pearson-Spearman-Brown correlation coefficient - Cronbach's alpha - T-test for a single sample - One way Anova statistical equation for differences and LSD equation)، and the results indicate that the level of creative thinking among the research sample members

is high، and they have a high level of satisfaction with the specialization، and There are significant differences in the level of creative thinking among the members of the research sample according to the variable of the academic stage. There are statistically significant differences in the level of satisfaction with the academic specialization among the members of the research sample according to the variable of the academic stages. The results also indicated the existence of a relationship between creative thinking and satisfaction with the specialization. The researchers reached a number of recommendations and proposals.

**Keywords**: Creative Thinking–Satisfaction with the specialization–kindergarten Student.